# دەرزی سڕکردن ( بەنج ) ڕۆژوو ناشکێنێت

< كوردي >

شێخ محمد صالح المنجد

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# إبرة البنج لا تفطر الصائم

< كردي >

فضيلة الشيخ محمد صالح المنجد

ترجمة: فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# دەرزی سڕکردن ( بەنج ) ڕۆژوو ناشکێنێت

ئەم پرسیارە ئاراستەی ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام کراوە :

**پرسیار :** ئایا دەرزی سڕکردن ( بەنج ) ڕۆژوو دەشکێنێت ؟

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

دەرزی سڕکردن ( بەنج کردن ) ی ناوچەیی ( الموضعي ) ڕۆژوو ناشکێنێت، لەبەر ئەوەی ئەو دەرزی لێدانە نە خواردنە و نەخواردنەوەیە، وە ناچێتە ژێر ناوی خواردن و خواردنەوەوە .

لەم بارەیەشەوە پرسیار کرا لە شێخ محمد بن صالح العثیمین ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت )، سەبارەت بە دەرزی سڕکردن لە ڕۆژی ڕەمەزاندا، ئەو دەرزیەی کە بۆ سڕکردنی ددان بەکاردەهێنرێت، کە ئایا ئەگەر هاتوو ئەو دەرزیە سڕکردنەم بەکارهێنا لەسەرم واجبە کە قەزای ئەو ڕۆژە بکەمەوە ؟

بەڕێزیشیان لەوەڵامدا ووتیان : نەخێر چونکە دەرزی سڕکردن ڕۆژوو ناشکێنێت، دەرزی سڕکردن کاریگەری لەسەر بەشێك یان ناوچەیەك دادەنێت و ناگاتە ناو گەدەی مرۆڤەوە، بۆیە هەر کەسێك دەرزی سڕکردنی لێدرا و بەنج کرا و بەڕۆژوو بوو، جا ڕۆژی سوننەت بێت یان ڕۆژووی فەرز، ئەوا ڕۆژووەکەی دروستە و ناشکێت،، [فتاوی نور علی الدرب ] وە سەیری [ فتاوی الشیخ ابن باز (259/15) ] بکە .

بەڵام ئەگەر هاتوو سڕکردنە بۆ سڕکردن و بێهۆش کردنی هەموو جەستە بوو، وە بوو بەهۆی بێهۆش بوونی ئەو کەسە بەدرێژای ئەو ڕۆژە هەمووی – لە بانگی بەیانیەوە تا ڕۆژ ئاوا بوو – ئەوا پێویستە لەسەر ئەو کەسە لە پاش مانگی ڕەمەزانی پیرۆز ئەو ڕۆژە بگرێتەوە ..

ابن قدامة ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) دەڵێت : " **متى أغمي عليه جميع النهار, فلم يفق في شيء منه، لم يصح صومه ، في قول إمامنا والشافعي** "واتا : هەرکاتێك هەموو ڕۆژەکە لەهۆش خۆی چوو، وە لە هیچ بەشێکیدا بە ئاگا نەهاتەوە، ئەوا ڕۆژووەکەی دروست نیە، ئەمەش ڕای مەزهەبی ئێمە و مەزهەبی شافیعیە **"** هەروەها ووتوویەتی : " **متى أفاق المغمى عليه في جزء من النهار, صح صومه ، سواء كان في أوله أو آخره** "واتا : هەرکاتێك لە بەشێکی ڕۆژەکەدا ئەو کەسەی لەهۆش خۆی چوو بوو بە ئاگا هاتەوە، ڕۆژەکەی دروستە، جا لەسەرەتای ڕۆژەکەوە بێت، یان لە کۆتاییەکەیەوە بێت، [ المغني 3/12) ] .

لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی کە ووتمان : ئەگەر هاتوو کەسێکی ڕۆژوەوان لەکاتی ڕۆژووەکەیدا دەرزیەکی سڕکردنی لەخۆی دا، ئەوا ڕۆژووکەی ڕاست و دروستە و بەتاڵ نابێتەوە، بەڵام ئەگەر هاتوو لەپێش بانگی بەیانیەوە ئەو دەرزیەی لەخۆیدا و بەدرێژای ئەو ڕۆژە لەژێر کاریگەری ئەو دەرزیەدا خەوی لێکەوت، هەتاوەکو ڕۆژئاوا بوون، ئەوا ڕۆژووی ئەو ڕۆژەی دروست نیە، و دەبێت پاش ڕەمەزان بیگرێتەوە ...

خوای گەورەش زاناترە ..

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام ..